# هەڵەبجە بە مەرزی سازان بسپێرن

## ئاسۆعەبدولەتیف

لەم رۆژانەدا ئەو هەواڵەم دەستخست کە نوسراوێك لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە گەشتۆتە ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدادو دەست مالیکی، تیایدا چەند سەرمایەدارێك داوای ئەوەیانکردووە مەرزی (سازان – هەڵەبجە) کە مەرزێکی سنوری کۆن و پڕ بایەخە بۆ هەڵەبجە بە فەرمی بکرێتەوە لە نێوان ئێران و کوردستاندا وەك دەریچەیەکی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی شمەك بەرووی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو گوندەکانیدا، ئەمەش وەك وەفایەکی حکومەتی عیراقی بۆ دەڤەری هەڵەبجە لەهەمبەر ئەو تاوانکاریانەی لە دژی ئەنجامدرا کە ڤێزەونترینیان ژەهربارانکردن بوو لە 88/3/16، ناوەرۆکی ئەو داواکاریە ناوەرۆکێکی تەواو شەرعی و جێگای گرنگی یە گەر بەدەمیەوە بچین چونکە هەڵەبجە ئێستا شارێکی تەنهایەو لەرووی ئاوەدانکردنەوەشەوە پەراوێزەو وەك شاری مردووی لێهاتووەو تەنراوە بە قوفڵ و داخراوی و تەنگەنەفەسی، گەر ئەم مەرزی هەناسەدانەی هەبێت لە پەنا گوێیدا ئەوا ئۆتۆماتیکی زیندوو ئەبێتەوەو خوێن ئەرواتەوە دەمارەکانی و ئەوەندەش هەڵەبجەییەکان داواکاری نەزۆك بۆ کەس بەرز ناکەنەوە!؟

بەهۆی ئەم مەرزە سنوریەوە کە تایبەتمەندێتی سنوری و زانستی رێگاوبانی خۆی هەیە ئیدی هەڵەبجە خۆی ئەبێتە ناوەندێکی ئابوری بەهێزوگەرم بۆ بیزنس و سەرمایەگوزاری کوردی ئێرانی، ئەم خاڵە سنورییە یەکێکە لەو مەرزانەی کە شایستەی ئەوەیە بکرێتەوەو فارس ووتەنی باز بێ، چونکە هەم ئاسایش و هەم جادەوبان و هەم نزیکی لە شارەکانی ئێرانەوە وا ئەکات ئەم داواکاریە ببێتە داواکاریەکی واقیعی، حەقە لە بەغدا نەك بە نوسراوێك و دوان، بەڵکو جەنگی لەسەر بکەین بۆ هەڵەبجە بەتایبەت پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا کە رەنگە تا ئێستاش وەکو پێویست شەریان لەسەر هیچ مافێکی خەڵکی کوردستان نەکردبێ(ئەڵێم شەڕ نەك قسەی نەرم و پێکەنین)

زانراویشە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش رەزامەندە بۆ کردنەوەی ئەم مەرزەو ئەوەی کە ماوە تەنها بەدواداچوونی ئەو نوسراوە کوردیەی خۆمانە کە بەعەرەبی رەوانەی بەغدا کراوە کەلەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بە جددی وەربگیرێت تا پەراوێز نەخرێ و چیتر لەناو رەفە تۆزلێنیشتوەکانی دیکەدا لەبەغدا گیرنەخوات و وەك کارەکانی تری هەڵەبجەی لێ نەیەت کە دەیانجار داوامانکرد با لە پەرلەمانی عیراقیدا نوێنەرانی هەڵەبجە میوانداریی بکرێن و ئازارەکانی خۆیان بگەیەنن بە دەوڵەتی نوێی عیراق کەچی گوێیان لێ نەگرتین، ئێستا پرسێك هاتۆتە پێش پێویستە بیکەینە کەرەستەی گفتوگۆ تا دەرك بەوە بکەین ئەگەرچی لە سیاسەتی رابردوودا هەڵەبجە بردیەوەو دەیان سەرکردەو کادری حیزبی بۆ کورد پێگەیاندو هەزاران شەهیدی بەخشی و مژدەی راپەرینی 91 ی نەخشاند، بەڵام لە رووی ئاوەدانییەوە دۆراندی و پێویستە بە کردنەوەی ئەم دەمارە ئابوریە بەهێزە وا بکەین ئەمجارە هەمووومان چەپڵە بۆ بردنەوەی هەڵەبجە لێبدەین و قورسیش نییە گەر ئیرادەی لە پشتەوە بێت، نەبا داواکاریەکەی حکومەت نوسراوی موجامەلە بووبێت بۆ هەڵەبجەو سەرمایەدارە هەڵەبجەییەکان؟!